# له پشتگوێخستنی داواکاریه‌کانی جه‌ماوه‌ر له لایه‌ن زلپارته‌کانه‌وه تاکه‌ی؟

هشام ئازه‌یی

له زۆربه‌ی وڵاتانی دونیا، پارته‌سیاسیه‌کان شێوه و پیوانه‌ی تایبه‌تیان بۆ زانین و به‌ئاگابوون له ڕای گشتی جه‌ماوه‌ریان هه‌یه و به جۆره‌ی به‌رزونزمی ئه‌و ڕایه به‌رامبه‌ر به پارته‌که، هه‌ڵوێست و به‌رنامه‌و کرده‌وه‌کانیان ده‌گۆڕن. یه‌کێ له‌و پیوانانه ڕاگه‌یاندنه‌کانی ده‌زگاکانی ئاماره له وڵات. دوه‌م پڵاوکراوه‌کانی ده‌زگاکانی ڕاگه‌یاندن. سێیه‌م ئه‌و نامانه‌ی به ناوه‌نده‌کانی پارت له لایه‌ن که‌سانی تره‌وه به‌شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌وخوو یان به ڕێگای ئه‌ندامه‌کانیانه‌وه ده‌گه‌ن. (هه‌لبه‌ته چه‌ند شێوه‌یه‌کی تریش هه‌ن) چونکه شێوه‌ی یه‌که‌م واته هه‌واڵی ده‌زگاکانی ئامار، له کوردستاندا لاوازه ئه‌گه‌ر نه‌ڵێین هه‌ر نیه، ده‌بێ پارته‌کوردسانیه‌کان په‌نا بۆ هه‌ردوو شێوه‌ی تر ببه‌ن، ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ له خزمه‌تی گه‌ل و جه‌ماوه‌ردا کار بکه‌ن و جه‌ماوه‌ر ده‌نگیان بۆ بدات.

بێگومان به بێ سێودوو ده‌توانم بڵێم، تاوه‌کوو ئێستا به تایبه‌ت له دوای ساڵی 1994 وه پارته کوردستانیه‌کان فێره ئه‌وه نه‌بوونه گوێ له جه‌ماوه‌ر و نوێنه‌ره‌کانیان بگرن به‌تایبه‌ت زلپارته‌کانمان. نوێنه‌رانی جه‌ماوه‌ریش نووسه‌ران و ڕۆشه‌نبیران و ڕۆناکبیرانی سه‌ربه‌خوون. زلپارته‌کان له چه‌ندین بۆنه‌دا نه‌ک ته‌نیا جه‌ماوه‌ریان له پاکردوه، به‌ڵکوو بگره له دژیش ڕاوه‌ستاوه. خۆپێشاندانه‌کان و داواکاریه‌کانی دژی شه‌ڕی خۆکوژی وبۆ یه‌کخستنه‌وه‌ی په‌رله‌مان و حوکومه‌تی کوردستان و دیموکراسی و نه‌هێلانی زیندانکردنی که‌سانی سیاسی و ئازادیه‌سیاسیه‌کان، باشترین نموونه‌ی ئه‌و له‌پاکردنه‌ی جه‌ماوه‌رن. به‌شی نوێنه‌رانی جه‌ماوه‌ریش واته ڕۆشه‌تبیر، زیندان و ئه‌شکه‌نجه‌و و دووره وڵاتی بۆ، سزا وخه‌لاتیان و بێبه‌شکردنیان بۆ له گه‌ڕانه‌وه بۆ وڵاته‌که‌یان.

تاوه‌کوو ئێستا هه‌زاران وتار و لێکۆڵینه‌وه‌ی سیاسی و خوێندنه‌وه‌ی به پێز و گرنگ ده‌رباره‌ی باشووری کوردستان بڵاوکرانه‌ته‌وه. تیایاندا تیشک خراوه‌ته سه‌ر ڕه‌وش و داواکاریه‌کانی جه‌ماوه‌ر و به ڕاشکاوی ڕۆنیانکردوه په‌یامی سیاسی بزوتنه‌وه‌ی کوردستانیان چوونه و ده‌بێ چۆن بێت. به سه‌دان نامه له لایه‌ن جه‌ماوه‌ر و نووسه‌رانیانه‌وه ئاراسته‌ی سه‌رکردایه‌تی زلپارته‌کان کراون، به‌ڵام به‌بێ ئه‌وه‌ی ولامیان بدرێته‌وه یان ئاگاداربکرێنه‌وه به گه‌یشتنی نامه‌کانیان.

ئه‌گه‌ر ئه‌مه هه‌ڵوێستی زلپارته‌کان بێت، ئه‌وه ڕاگه‌یاندنی ئه‌و زلپارتانه خراپتره. هه‌ر بابه‌تێک به مه‌به‌ستی باشترکردنی په‌یامی ڕاگه‌یاندنی کوردستان نووسرابێت و ئاراسته‌ی ئه‌و ڕاکه‌یاندنه کرابێت، به ناحه‌ز و نه‌زان ودژ و له گوێی گاداخه‌وتوو له قه‌ڵه‌م دراوه و له پێکراوه. ئه‌مه‌ش نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه که ڕاگیاندن ڕه‌نگدانه‌وه‌ی بیری پارته‌که‌یه وچوون پارت گوێ له جه‌ماوه‌ر ناگرێت به هه‌مان شێوه‌ش ڕاگه‌یاندنه‌که‌یان ئاماده‌نیه گوێ له نووسه‌رێکی دڵسۆز بگرێت چونکه به عه‌قلیه‌تی پیلان هه‌ڵسووکه‌وت ده‌که‌ن.

هۆی سه‌ره‌کی ئه‌م گوێنه‌دانه‌ی زلپارته‌کان بۆ خواست ویستی جه‌ماوه‌ر ئه‌وه‌یه که ئه‌م پارتانه پێویستیان به‌و جه‌ماوه‌ره نیه مه‌گه‌ر بۆ چه‌پله‌لێدان و پرکردنی هۆڵه‌کانی کۆبوونه‌وه و خۆپێشاندانی دروستکراو نه‌بێت. هه‌روه‌ها دڵنیان له‌وه‌ی جه‌ماوه‌ر ناتوانێ کاربکاته سه‌ر ده‌سه‌ڵاته‌که‌یان، چونکه دیوکراسی به شێوه‌یه‌کی ئاسایی له باشووری کوردستان تاوه‌کوو ئێستا نیه و گه‌یشتن به کورسی ده‌سه‌ڵات له سندووقه‌کانی ده‌نکدان ده‌سنیشان ناکرێت. هه‌ر کاتێ پارت توانی ده‌ستگای تایبه‌ت بۆ مانه‌وه‌ی له سه‌ر ده‌سه‌ڵات مسووگه‌ربکات، دوور ده‌که‌وێته‌وه له جه‌ماوه‌ر و به زمانی هێز مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌ر و نووسه‌ران ده‌کات. له هه‌ر وڵاتێک دیوکراسی ته‌واو و ڕاسته‌قینه نه‌بێت، جه‌ماوه‌ر له‌پاده‌کرێت. هه‌ر وه‌ک

دەسەڵاتی سەددام کە بە زەبری هێز 100% ی خەڵکی عێراق دەنگی بۆی دەدا و بەمەلیون کەس خستنە سەر جادەکانی شارەجیاجیاکانی عێراق بەر ئەوەی برۆخێ بە هەفتایەک. زلپاتەکانی کوردستانیش دەتوانن هەمان شت بکەن بەڵام ئەو کاتە نە پارتی جەماوەری دەبن و بە ئاسانیش پشتگیری جەماوەر لە دەستدەدەن و ناتوانن بەردەوامبن لە سەرکێشیکردنی بزوتنەوەی باشووری کوردستان.

ئەگەر تاوەکوو ئێستا زلپارتەکانی باشووری کوردستان خواست و یستی جەماوەریان لە پشتگوێ خستبێت، لەوانەیە لەمەودوا نەتوانن بەردوام بن لە سەر هەمان هەڵسووکەوت، چونکە فاکتەرێکی نوێ هاتووتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی باشووری کوردستان، ئەویش هێزی ئەمریکایە وەک دەسەڵاتدار نەک ڕاوێژکار.

ئەم هێزە دەیەوێت سستمێکی نوێ لە ناوچەکەدا دروست بکات. بە هەزاران سەربازیان هێناوەتە ناوچەکەو وبە سەدان قوربانیان داوە. ئەمریکا ئامادەنیە پارتێک یان گرۆپێک پلانەکانی تێکبدات یان بە شێوەیەکی ناشرین پێشانی جەماوەری ناوچەکە بدرێت. ئەمریکا گوێ لە یەک دواکاری ناگرێت ئەویش داواکاری پارت و جەماوەری لایەنگری ئیسلامی توندڕێ و پاشماوەی سەددام. بۆیە ئەگەر ئەمریکا دژی خۆپێشاندانەکانی بەغدا و باشووروناوەڕاستی عێراق بێت چونکە پەیوەندیان بە ئیسلامی توندڕێیانەوە هەیە، بەڵام جەماوەری باشووری کوردستان جەماوەرێکی ئاسایی یە و تا ڕادەیەکی باش باوەڕی بە دیموکراسیەوە هەیە. هەربۆیەش ئەمریکا لە دژی دواکاریەکانی لە پێناو دیموکراسی و ژیانێکی ئاسوودە ڕاناوەستێت، ئەوە ئەگەر هەڵبژاردنێکی کشتی لە باشووری کوردستان بەو زووانە بەڕێوە نەڕوات.

بڵام بۆ ململانێ وهەڵسووکەتی زلپاتەکانی باشووری کوردستان، بەم شێوەیە بەڕێوە بڕوات و بۆ لە جیاتی ئەوە زلپارتەکانمان ناگەڕێنەوە بۆ جەماوەر و زیندانەکان بۆ کەسانی تاوانبار تەرخان بکرێن نەک بۆ نووسەران و زانایان. بۆ هەنگاو لە پێناو دیموکراسی بە ناوی ئەمریکاوە دەکرێن، بۆ ئاواتەکانی جەماوەری کوردستان ئەمریکا جێبەجێیان بکات، بۆ زلپارتەکانمان جێبەجێی ناکەن؟ بۆ بە قسەی ئەمریکا دەکەن، بۆ بە قسەی جەماوەری کوردستان ناکەن؟ ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لە باشووری کوردستان بە ڕێوە دەبرێن، چەندین ساڵە جەماوەری کوردستان دوا دەکات. هەر لە بەکخستتنەوەی حکومەتی کوردستان تا وەکوو قە دەغەکردنی چەک لە ناو شارەکاندا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.